گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين

E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(11).No(1).Paper14

ڕێـكـەوتـی وەرگـرتـن: ٢٠٢٢/٠٩/٢١
ڕێكەوتی پەسەندكردن: ٢٠٢٢/١١/٢٨
ڕێـكـەوتی بڵاوكردنەوە: ٢٠٢٤/٠٢/٢٩

# بەهای خۆشەویستی لە ڕوانگەی کۆمەڵناسییەوە
# توێژینەوەیەکی تیۆریی شیکارییە

دیدار کمال ڕووف[١] - نجاة محمد فرج[٢]

najat.faraj@univsul.edu.iq – didar.rawf@univsul.edu.iq

[١+٢] بەشی کۆمەڵناسی، کۆلێژی زانستەمرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

**پوختە:**

خۆشەویستی وەکو بەهایەکی قبوڵکراو لەناو کۆمەڵگە گرنگی و بایەخی لە بەیەکەوەبون و پاراستنی کۆمەڵگە و خێزاندا دەردەکەوێت، لەبەرئەو گرنگی و بایەخەشی بەردەوام لەلایەن توێژەران و کۆمەڵناسان توێژینەوەی لەبارەیەوە دەکرێت، بەهۆکاری ئەوەی کۆمەڵناسان لە لایەنێکی گرنگی کۆمەڵگەوە تیشکی دەخەنە سەر ئەویش خێزانە، خێزانیش وەک هەریەک لە سیستەمە گرنگەکانی کۆمەڵگە، کە بەهۆی گۆڕان و پێشکەوتنی ژیانی کۆمەڵایەتی و سەرهەڵدانی تەکنۆلۆژیا ڕووبەڕوی گۆڕانکاریی بوەتەوە و ڕۆڵ و پێگەی خێزانیش لەوە بەدەرنەبوە و گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، ئەمەش وایکردوە لە ئەنجامدا زانایانی کۆمەڵناسی، ئەو ڕاستییە بڵێن ئەو گۆڕانانەی کاری کردوەتە سەر پەیوەندییەکانی خێزان و بەتایبەتیش پەیوەندییەکانی نێوان هاوسەران لەڕوی سۆزەوە بەرەو ماددی بون و کاڵبونەوە ڕۆیشتون و خۆشەویستیش، وەکو هەستێک لەوە بەدور نەبوە، هەر بۆیە لەئێستادا توندوتیژییەکان لەناو خێزان بە بەراورد بە جاران زیاتر بوە.

**کلیلە وشەکان:** بەها، خۆشەویستی، خێزان، پەیوەندی هاوسەرگیری.

## پێشەکی:

توانای خۆشەویستی یەکێکە لە تایبەتمەندییە بەنرخەکانی بونی مرۆڤ، چونکە خۆشەویستی کۆمەڵێک پرسیاری ئاڵۆز پێشکەش دەکات، کە وەڵامی زۆر کەمیان هەیە، بەڵام گرنگە کە دیدێکی ورد بۆ خۆشەویستی

بەدەست بێت، بۆ زانینی ئەوەی کە چۆن یەکترمان خۆش بوێت و چۆن بژین بۆ یارمەتیدان لە گەیشتن بە وەڵامەکانی خۆشەویستی و لەو سۆنگەیەشەوە تیۆریزەکردن دەربارەی خۆشەویستی گرنگییەکی زۆری هەیە، چونکە توێژینەوە لە خۆشەویستی پراکتیکییە و دەرکەوتنی لە ڕەفتارەکانی مرۆڤدایە، هەروەها پەیوەندییەکی نزیکی لەگەڵ ئامانج و مەبەستەکانی مرۆڤ و ژیانکردن بەشێوەیەکی عەقڵانی هەیە. بەتایبەت کە خۆشەویستی بەشدارییەکی بەرچاو پێشکەش دەکات لە کردە کۆمەڵایەتییەکان و چوارچێوەیەک بۆ دروستبونی خێزان. لەبەرئەوەی مرۆڤ بونەوەرێکە کە ناتوانێت بەبێ چالاکی کۆمەڵایەتی بژی، هەروەها خۆشەویستیش وەک هەست بنەمایەکی پیرۆزی خێزانە و مایەی ئاسودەیی و بەختەوەرییە، بەم پێیە گرنگە مرۆڤ ئامانجی هەبێت بۆ خۆشەویستی، چونکە یارمەتیدەرە بۆ ئەوەی چالاکییەکانی بەسودبێت و بونی وەک ئامانجێکی شایستە بەنرخ بێت. ئەم توێژینەوەیە لە دو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەم: ڕەگەزەکانی توێژینەوە و پێناسەی چەمکەکان تەوەری دوەم: گرنگی خۆشەویستی و جۆرەکانی و ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی.

## یەکەم- ڕەگەزە سەرەکییەکانی توێژینەوەو پێناسەی چەمکەکان.

### ١-ڕەگەزەکانی توێژینەوەکە

**کێشەی توێژینەوە:** ئەم توێژینەوەیە هەوڵدەدات لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە گرنگی و بەهای خۆشەویستی لە چوارچێوەی خێزاندا شیبکاتەوە وەکو هەمو دیاردەکانی تری کۆمەڵگە، هەر بۆیە پرسی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە ئەوەیە ئایا جیاوازی هەیە لەشیکردنەوەی بەهای خۆشەویستی لەڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە؟

**گرنگی توێژینەوە:** خۆشەویستی هەمیشە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتی بەردەست دەخات، جیاواز لە هەمو پەیوەندییەکانی دیکە، چونکە هۆکاری ئارامی و گونجان و ئاسودەیی و قوربانیدان و ڕێز و هەمو پەیوەندییە ئەرێنییەکانە، بەتایبەت لەنێوان هاوسەراندا، وەک تێبینی دەکرێت ساڵانە ئامارەکانی جیابونەوە لە زیادبوندان بە هۆکاری جیاواز. لێرەدا توێژەر پێیوایە کە خۆشەویستی وەک بەهایەکی گرنگی نێوان هاوسەران کاڵبوەتەوە، ئەگەرچی یەکێکە لە پایەکانی بەردەوامبونی پەیوەندی هاوسەرێتی. بۆیە ئەم توێژینەوەیە گرنگی زانستی خۆی هەیە، هەروەها توێژەر هەوڵیداوە لە میانەی تیۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە شیکردنەوە بۆ بەهای خۆشەویستی بکات. هۆکاری ئارامی کۆمەڵگە و پەروەردەکردن و پێگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، کە سەرچاوەکەیان خێزانە. هێشتنەوەی پەیوەندی نێوان هاوسەران لە سەردەمی پڕ لە گۆڕانکاریدا و ئەو بار قورساییانەی کە بەهۆی ئیش و کاری ڕۆژانە دروستدەبێت بۆ هاوسەران، پێویستی بەزانیاری و شارەزایی

زیاتره بۆ دەربڕینی خۆشەویستی لەناو خێزان، ئەمەش وا دەکات گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەوە دابێت کە ببێتە سەرچاوەیەکی باشی زانیاری لەبارەی خۆشەویستی هاوسەرگیری.

**ئامانجی توێژینەوە:** خستنەڕو و شیکردنەوەی بەهای خۆشەویستی لەڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە.

**بواری بابەتی:** بواری بابەتی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە خستنەڕو و شیکردنەوەی بەهای خۆشەویستی لە ڕوانگەی هەریەک لە زانایانی کۆمەڵناسی (ئەمیل دورکایم، جۆرج زمێل، ئەنتۆنی گیدنز، أورلیش بیک، زیگمون باومان) سەبارەت بە تێڕوانینیان بۆ بەهای خۆشەویستی. توێژەر هەوڵیداوە ئەو بیرۆکانە بخاتەڕو شرۆڤەیان بکات.

**میتۆدی توێژینەوە:** لەم توێژینەوەیەدا میتۆدی شیکاری بەکارهێنراوە، بابەتەکە لەڕوی تیۆرییەوە خراوەتەڕو پاشان شیکردنەوە بۆ بابەتەکان کراوە.

## ٢ -پێناسەی چەمکەکانی توێژینەوە:

### أ- بەها (القيم) (value):

**پێناسەی (الحسن،١٩٩٩):** ئەو پاڵنەرە ئایدیۆلۆژییە کاردەکاتە سەر هزر و ڕەفتاری مرۆڤ، یاخود کۆنترۆڵی ڕەفتارییە، کە هزر و بیر و باوەڕەکانی مرۆڤ کاری تێدەکات. ئەو کۆنترۆڵکردنە ڕەفتاریی مرۆڤ دیاریدەکات و، دەیخاتە قاڵبێکی دیاریکراوەوە، بە جۆرێک بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەو ڕەفتارەی کۆمەڵگە داوای دەکات و بەباشی دەزانێت بگونجێت. (الحسن،١٩٩٩:٥١٤)

**پێناسەی (گیدنز، ٢٠٠٩):** بەها کۆمەڵێک بیروباوەڕی کۆمەڵایەتییە، کە ڕەفتاری مرۆڤ کۆنترۆڵ دەکات بە جۆرێک چاک و خراپ لە یەک جیادەکاتەوە، لەگەڵ ئەو شتانەی دروست و نادروستن. واتە ئەو بیروباوەڕانەی تاکەکان پێوەی پابەنددەبن لە ڕەفتاریاندا، دەبێتە هۆی دامەزراوییان لەڕوی کۆمەڵایەتییەوە، چونکە لەژێر کاریگەری ئەو کولتورە دان کە تاکەکان تێیدا دەژین. (گیدنز،٢٠٠٩:٩٤١)

### ب-خۆشەویستی (الحب)(Love)

**پێناسەی (العضيم، ١٩٩٧):** خۆشەویستی بریتییە لە کۆکردنەوەی هەمو ئەو هەستتانەی کە مرۆڤ لە دەرونیدا هەستی پێدەکات، کاتێکیش چڕیدەکاتەوە، شتێکی ناوازەی لێدەردەچێت، شتێکی زۆر جیاواز لەو هەست و نەستانە کە تێکەڵی کردون، ئەویش بریتییە لە هەستێکی جۆراوجۆر، هەستێکی بەهێزی سۆز و ئینتیما، مەیل و پەیوەندی و نزیکایەتی و هاوبەشی و وابەستەبون و سۆز و سەرنجراکێشی و گەرمیی لە ڕۆحی مرۆڤدا. (العضيم، ١٩٩٧:٩)

**پێناسەی (کتلو، ٢٠١٥):** خۆشەویستی چەمکێکی فراوانە، بەشێکە لە سۆز و، ئامادەیەکی شاراوەی جێگیرە. بە شێوەیەکی ڕێژەیی و لە چەندان جۆر هەڵچون پێکدێت، بۆ پڕکردنەوەی پێداویستییە دەرونییەکان، پێداویستییە کۆمەڵایەتییەکان، پێداویستییە ڕۆحییەکان، یان پێداویستییە مادییەکانە.(کتلو، ٢٠١٥:٦٦٤)

**ج-خێزان (الأسرة):**

**پێناسەی (الخولی، ١٩٨٥):** خێزان بەگرنگترین یەکەی کۆمەڵایەتی دادەنرێت، لەبەرئەوەی ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە پرۆسەی پێگەیاندنی تاک، هەر لەسەرەتای لەدایکبونی هەتاکو مردنی. (الخولی،١٩٨٥:٥٣)

**پێناسەی (قادر، ٢٠١٥):** خێزان ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە گونجاوەیە کە بونەوەری ئەندامی دەگۆڕێت بۆ بونەوەری کۆمەڵایەتی. (قادر،٢٠١٥:١١)

**د-پەیوەندی هاوسەری (العلاقة الزوجية):**

**پێناسەی (مبیض، ٢٠٠٣) :** پەیوەندییەکی ڕاستگۆیانەیە لەسەر بنەمای هاوڕێیەتی و یەکسانی و ڕێزگرتنی هەریەک لە هاوسەرەکان بەرامبەر یەکتر دامەزراوە، ١هەریەکەیان دەگەڕێت بەدوای خۆشبەختی ئەوی تر لە پەیوەندییەکەدا. کە هاوکار و بەرپرسن لەبەرامبەر یارمەتیدانی یەکتر. (مبیض،٢٠٠٣:١٣)

**پێناسەی (سلیم،١٩٨١):** پەیوەندییەکی ئاکاری و ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییە، کە لە ڕێگەی هاوسەرگیری سیستەمی خێزانییەوە دەچەسپێنرێت ·(سلیم،١٩٨١:٧٥٦).

پەیوەندی هاوسەری، لەم توێژینەوەیەدا مەبەست لەو هەست و سۆز و خۆشەویستییە کە بەپێی بیروبۆچونی کۆمەڵناسەکان خستومانەتەڕو.

**دوەم- بەهای خۆشەویستی و ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسی**

**١- گرنگی و جۆری بەهای خۆشەویستی**

خۆشەویستی بەهایەکی مرۆیی و کۆمەڵایەتییە، گوزارشت لەلایەنی ڕۆحی و مەعنەوی و سۆزداری تاکەکان دەکات، بەرامبەر بە یەکتری، ئەگەرچی فرەڕەهەندە و ڕەهەندێکی گەورەی دەرونی هەیە، لە هەمان کاتدا بەهایەکی کۆمەڵایەتی و کولتوریشە، وەکو سیستەمێکە تاکەکان فێردەکات، کە یەکتری قبوڵ بکەن (میرانی، ٢٠٢١:٩٦). کاتێک مرۆڤ دەکەوێتە ناو بارودۆخی خۆشەویستییەوە، دەکەوێتە ناو دۆخێکی ڕۆحییەوە و گەشبینە بە هەمو شتێک و چوارچێوەی ژیانی بەو ڕەفتار و هەڵسوکەوتانە دەوردەدات، کە ماناکانی خۆشەویستی پێ دەبەخشن، مرۆڤ حەزدەکات خۆشەویست بێت، نەک هەر لەبەرئەوەی دڵخۆشی دەکات و پێیوابێت خۆشەویستی بابەتێکی ئاسان بێت، بەڵکو خۆشەویستی دەبێتە هۆی حاڵەتی بەخشندەیی باری دەرونی و ڕێگەی پێدەدات کە هەندێک بارودۆخ یان تایبەتمەندی و ڕازیبونی دەرون ئەزمونی ناکەین. (الدویدج،٢٠٠٩:١١٣)

دەتوانین بڵێین خۆشەویستی قوڵترین پەیوەندی مرۆییە، کار دەکاتە سەر هەستە ئەرێنییەکانی مرۆڤ و هەستە نەرێنییەکان کەم دەکاتەوە، یەکێکە لەو حاڵەتە ئەرێنییانەی ژیان، کە مرۆڤ پێیڕاهاتوە، بەتایبەتی کە خۆشەویستی پەیوەندییەکە لەگەڵ دروستبونی مرۆڤەوە هەیە، تایبەتمەندییەکی سەرەکییە لە ژیانی مرۆیی گشتی و هەستێکە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاکەکان هەیە و یەکێکە لەو بابەتانەی کە مرۆڤەکان لە هەمو ئاستەکاندا زۆر گرنگی پێدەدەن. هەروەها لەڕێگایەوە مرۆڤ پەیوەندی خۆی لەگەڵ ئەوانی تر پتەودەکات، لە کاتێکدا بەبێ خۆشەویستی ناتوانێت پشتگیری ئەو پەیوەندییە پتەوە بکات بە شتێکی تر (الجواری،٢٠٠٦:١١٣).

واتە خۆشەویستی لە قوڵایی دەرونی تاکەوە سەرچاوە دەگرێت و بەچەندین شێوە دەردەبڕێت، وەک زەردەخەنە، زمانی جەستە، ڕۆیشتن، تۆنی دەنگ و ئامرازەکانی تری ئاشکراکردن و گەیاندن. هەر وەک دەربڕینی خۆشەویستی بە ئاگامان دەهێنێت و ژیانمان باشتردەکات. جەستە و ڕوخسار لە دەرکەوتنی دەرەوەی خۆشەویستی هەنگاوی یەکەمە لەم کارەدا و یەکەم پەیامی نازارەکی دەخاتەڕو لە ڕاگەیاندنی خۆشەویستی، کە پێویستە و بەشێکە لە ڕەفتارەکانمان بەرامبەر بە خۆمان و ئەوانی تر، کە لە ژیاندا هەوڵ دەدەین بە گشتگیریی ئەزمونی بکەین. (اصبح و اصور،٢٠١٠:٣٧٧)

## ٢- گرنگی بەهای خۆشەویستی:

خۆشەویستی واتە دەربڕین لە هەستەکان، بەجۆرێک لەژیاندا هیچ شتێک هێندەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە کاریگەری نییە لەسەر تاک و خێزان، هەروەها چالاکییە مرۆڤایەتییەکان، بەهۆکاری ئەوەی واتایەکی جیاواز دەبەخشێ بە ژیانی کۆمەڵایەتی و مرۆڤ دەکرێت لەسایەیدا خۆشگوزەران بێت، هەربۆیە گرنگییەکەی لەم خاڵانەدا دەخەینەڕو:

أ-خۆشەویستی بەهایەکی مەعنەوییە، نەبەچاو دەبینرێت نەدەتوانین دەستی لێبدەین، بەڵکو بە تێڕوانینمان دەیبینین و بە ڕۆحمان هەستی پێدەکەین، کە هەمو هێزەکانی جیهانی ماددی ناتوانن بەئامێرەکان دروستی بکەن و ئامێرەکان بێبەشن لە ڕۆحەکان و خۆشەویستی دەرگاکان بەڕوی ڕۆحی مرۆڤدا دەکاتەوە، کە پێشتر نەیبینیوە وادەکات هەست بە سەلامەتی و ئاسایش بکات، کاتێک شکۆمەندی ژیان لەڕێگەی خۆشەویستی ئاساییەوە دەبینرێت. هەست بە ژیانی واقیعی خۆشەویستی دەکرێت (الموسى، ٢٠٠٦:٢٥).

ب- سروشتی ژیانی مرۆڤ لە پەیوەندی و بەرکەوتنەکانی لەگەڵ دەوروبەرەکەیدا لە خۆشەویستنی مرۆڤدا خۆی ئاشکرا دەکات، ئەمەش ئەزمونێکە کە وا لە مرۆڤ دەکات وزەی زیادبکات و هەستێکی ئەرێنی ئاڕاستەی کەسێکی تر بکات، پاشان ئەو کەسە بە پەیوەندییەکی نوێ و ناوازە بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. هەر بۆیە ئەزمونکردنی خۆشەویستی قۆناخێکی ژیانە و لەگەڵ هەمو هەنگاوێکدا لە پرۆسەی پێگەیشتندایە،

لەبەرئەوەشە کە یەک جۆر خۆشەویستی نییە بەڵکو ڕێژەیەکی نادیار لە وەڵامەکانی مرۆڤ بۆ ئەزمونکردنی خۆشەویستی هەیە وەکو خۆشەویستی خود، خۆشەویستی هاوسەری، خۆشەویستی خودا و.... هتد (نضمی، ١٦:٢٠٠٧).

پ- خۆشەویستی هاوسەرگیری خێزان دەپارێزێت، ژینگەیەک دروستدەکات تاکەکانی ئەندامانی خێزان بتوانن تێیدا گەشەبکەن، ئەمەش بەپێی ئەو باوەڕەی کە خۆشەویستی بریتییە لە دانان و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و لاوازییەکان. ئەو خۆشەویستییە بڕیارێکی ناوخۆیی دەگرێتەوە بۆ خۆشویستنی کەسێکی دیکە و پابەندبونێکی درێژخایەن بۆ پاراستنی، لەکۆتاییدا ئەو خۆشەویستییە کۆنترۆڵ دەکرێت و پێویستی بە پەروەردەکردن و پارێزگاریکردن هەیە، لەلایەن خۆشەویستانەوە. بۆ ئەوانەی خۆیان پابەند دەکەن بە دروستکردنی پەیوەندییەکی دادپەروەرانە و ئینتیمی و پشتیوانی یەکتر، بەهۆی ئەمانەشەوە ئارامی ئاسودەیی و خۆشەویستی بەردەوام و هاوڕێیانەیان دەبێت(Myers,2010,438).

ت- خۆشەویستی پراکتیزەکردنێکە، کە ئەزمونی هەستکردن بە بارودۆخی خودو لایەنی بەرامبەر و ئارەزوی هاوبەش و پەرەسەندن و وروژاندنی هەستەکانە، لەلایەک و لە لایەکی ترەوە، وەڵامدانەوەی خۆشەویستەکانە بۆ ئەویتریان، ئەمەش هەستی ناڕاستەوخۆی قوڵی پەیوەندییەکە دەگەیەنێت، واتە لە باشترین حاڵەتدا بریتییە لە کرداری تێکەڵاوبون و ئاڵوگۆڕی سۆزداری لە خراپترین حاڵەتیشدا، بریتییە لە ونبونی ئەو ئاڵوگۆڕ و تێکەڵاوبونە سۆزدارییە (جولمان،٢٠٠٥:١٥٠).

ج-خۆشەویستی یەکێکە لە هۆکارەکانی بەردەوامی ژیانی کۆمەڵایەتی، هێزەکەی بەندە بەوەی چەند بەدەست دەهێنێت لە نمونە باڵاکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و کەسایەتی و ڕۆشنبیری و جوانی جەستەیی و سامان و ڕەچەڵەک و خۆشەویستی تا ئەو ڕادەیەی کە بەهاکان ڕێگەی پێدەدەن چڕتر دەبێتەوە و ڕەنگدەداتەوە لە ڕۆشنبیری هەستی ڕازیبون، هەروەها لە بەهێزبونی پلە و پێگەی کۆمەڵایەتی و بەدەستهێنانی دڵخۆشی ڕاستەقینە (اللبواني،٢٠٠٠:١٤). واتە خۆشەویستی پەیوەندی بە کەسایەتییەوە هەیە، ئەگەر کەسایەتییەکەی بەهێز و باوەڕی بە خود هەبێت، خۆشەویستی دەبەخشرێتە لایەنی بەرامبەر، بەپێچەوانەی کەسایەتی لاواز، کە بەردەوام چاوەڕوانی وەرگرتنی پشتگیری وخۆشەویستتیە لە کەسانی تر.

## ٢-جۆرەکانی بەهای خۆشەویستی بەگشتی:

أ-**خۆشەویستی برایەتی**: وەکو نەریتێکی باو بە خۆشەویستی برا دەگوترێت خۆشەویستی نزیک، کە (خۆشەویستی مرۆڤ بۆ هاومرۆڤەکەیەتی بە شێوەیەکی گشتی)، گومانی تێدا نییە، کە ئەو پەیوەندییە سۆزدارییەی لە چوارچێوەی خێزاندا لە نێوان برا و برادا هەیە، تایبەتمەندی یەکسانی و ئاڵوگۆڕکردنی تێدایە. لەڕاستیدا ڕەنگە لەناو بنەماڵەدا نکوڵی و جیاوازی هەبێت، بەڵام بنەچەی پەیوەندیی برایانە یەکسانی

و یەکگرتوییە، کە پەیوەندییە خوێنیەکان و یەکگرتویی پەروەردەکردن و بەشداریکردن لە میراتێکی خێزانی و هەستی هاوبەندی خێزان و هاوپەیمانی دروستدەکات (رشوان،١٥١:٢٠١٣)، هەر بۆیە ئەو خۆشەویستییەی کە لەنێوان براکاندا هەیە لەسەر بنەمای حەقیقەتە و داوای چاکە و بەردەوامی و کار بۆ دابینکردنی ئەو چاکەیە دەکات بۆ براکان، هەروەها پەیوەندییەکی ڕۆحییە و هەستی ئارامی و پارێزراوی تێدایە. (الحفنی،١٤٣:١٩٩٧) لەهەمانکاتدا ئەوخۆشەویستییەش دەگرێتەوە کە لەنێوان هاوڕێ و دراوسێ و کەسانیتردا هەیە، کە بەشێوەیەکی گشتی دەناسرێت و ئەوەندە نزیکە لەیەک کە وەکو برا خۆشدەویسترێ، چونکە خۆشەویستی مرۆڤ بۆ مرۆڤێکی تر وەکو برا کە یەکسانی و دادپەروەری تێدایە، بەڵام خۆشەویستی خوێنی و یەکگرتو نییە (رشوان،١٥١:٢٠١٣).

ب- **خۆشەویستی باوک**: ئەم جۆرەیان لە باوکەوە دێت بۆ منداڵەکانی و، باوک هەمو خۆشەویستی خۆی بە منداڵەکانی دەبەخشیت، بۆ چاکەی ئەوان تێدەکۆشێت و تاوەکو لە خۆی باشتربن و وەک درێژکراوەی بونی خۆی هەستیان پێدەکات، لەگەڵ ئەواندا بونی خۆی پشتڕاستدەکاتەوەو دەیانپارێزێت، ئەمەش پێگەیشتوترین شێوەی خۆشەویستییە. (الحفنی،١٤٣:١٩٩٧)

پ-**خۆشەویستی سۆزداری** (الحب العاطفی_Passionate love): ئەم خۆشەویستییە بە خۆشەویستی بەرامبەر سپێردراوە واتە: لەنێوان دو ڕەگەز، بۆیە هەمیشە مرۆڤ بەدوایدا دەگەڕێت و ئامانجی پابەندبونە بەو پەیوەندییەی نێوانیان، هەروەها خۆشەویستی ئاماژە دەکات بە حاڵەتێکی توند و تامەزرۆیی بۆ یەکگرتن لەگەڵ کەسێکی تر، کەواتە خۆشەویستییەکی چالاکە و ئاڵۆزە دەردەکەوێت لە هەڵسەنگاندن و گرنگیپێدان و متمانە و ڕاستگۆیی و ڕێزگرتندا.(Hatfid&; rapson,2007: 1) .

ت-**خۆشەویستی خود**: مرۆڤ کاتێک خۆی خۆشدەوێت، لە ئەنجامی تێڕوانینی بۆ خۆی، پاشان تێڕوانینی بۆ مرۆڤەکانی تریشی لەلا دروست دەبێت، چونکە خۆی قبوڵە لەمەوە دەوروبەرەکانیشی لا پەسەندە و ئەمەش هانی دەدات بۆ خاوەندارێتی و بۆ باشکردنی خۆی. (الشایب،٢٩:٢٠٠٣).

دەتوانیین بڵێین خود خۆشەویستی سەرچاوەی خۆشەویستییەکانی تریشە، مرۆڤ کاتێک خۆی خۆشدەوێت، دەتوانێت بەرامبەرەکانی بناسێت، ڕێزیان بگرێت و پەیوەندییەکانی لەگەڵیان گونجاو بێت.

ج-**خۆشەویستی خودا**: بریتییە لەو پەیوەندییەی کە لەنێوانی مرۆڤ و خودادا هەیە، ئەم جۆرە بە گەورەترین و ئاڵۆزترین جۆری خۆشەویستی دادەنرێت چونکە پەیوەندییەکە لەنێوان بونێکی دیار و نادیاردا، بونە نادیارەکە ئەو بونەیە کە ناتوانین وەک هیچ ماددەیەک لە سروشتدا بەرجەستەی بکەین، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەر خۆشمان دەوێت، بونە دیارەکەش مرۆڤە کە بەردەوام هەست دەکات بونێک هەیە چاودێری دەکات و

خۆشی دەویێت و ئاگاداریەتی، بەوەش جیا دەکریێتەوە هیچ کاتێک لێی دورناکەویێتەوە، بەردەوام لە ناخیدا دەژی و هەستی ئارامی و ئاسودەیی لێوەردەگریێت (محمد،٢٠٠٨:١٨١).

**چ–خۆشەویستی سێکسی**: خۆشەویستی پەیوەندییەکی نزیکی بە پاڵنەرە سێکسییەکانەوە هەیە، کار لەسەر هەماهەنگی و پێکەوە ژیان و هاوکاری نێوان هاوسەرەکان دەکات، کە پێویستە بۆ بەردەوامی ژیانی خێزانی. (نجاتی، ٢٠٠٨:٨٦)

**ح–خۆشەویستی ڕۆمانسی**: خۆشەویستی ڕۆمانسی لە هەرە پەیوەندییە نزیکەکانە و لەناوەڕۆکی ئەو میکانیزمەدایە، کە کۆمەڵگای هاوچەرخ بەهۆیەوە خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە و بەستراوەتەوە بەو پراکتیکە سێکسییەوە کە ڕێگە بە کۆمەڵگا دەدات بۆ مانەوەی خۆی(Johnoson,2005:13) واتە ئەو خۆشەویستییە کە مرۆڤ تێیدا لەژێر کاریگەری ئارەزوەکانیدایە، ناتوانێت خۆی کۆنترۆڵ بکات.

خ– **خۆشەویستی هاوسەری**: ئەم جۆرە خۆشەویستییە ڕونترین نمونەی پەیوەندی خۆشبەختییە، هەروەها لە توندترین پەیوەندییە قوڵەکانە کە هەستە ئەرێنییەکان دەجولێنێت، وەکو هەست کردن بە دڵخۆشی و ڕازیبونی هاوسەری.(سلیمان،٢٠٠٩:٢٥). ئەم جۆرە خۆشەویستییە لەسەر سێ پێکهاتەی سەرەکی دامەزراوە: ئەوانیش:

–**الحمیمیة**: واتە لایەنی سۆزداری خۆشەویستی و هەستکردن بە نزیکایەتی و وابەستەیی نزیک بەو کەسەی خۆشتدەوێت لەخۆدەگرێت.

–**العاطفیة:** واتە ئەو حاڵەتەی کە هەستە ڕۆمانسیەکان و سەرنجڕاکێشانی جەستەیی و ئارەزوی سێکسی.

–.**الالتزام:** ئەمەش نوێنەرایەتی ئەو توخمە عەقڵانییە دەکات کە لە کورتخایەندا پەیوەندییەکە کۆنترۆڵ دەکات و بڕیاردەدات پەیوەندییەکە قبوڵ بکات و هاوکاری و ئاگاداربون و گرنگیدان بە خۆشەویستەکەی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بەرجەستە دەکات. هەر بۆیەش خۆشەویستی سەرکەوتو پێویستە هەرسێک پێکهاتەکەی تێدابێت (صالح،٢٠١٩:٧٩).

هەروەها جۆن لی زانای کۆمەڵناسی کەنەدی (Jhon Alan Lee) (1933–2013) لەساڵی١٩٧٣ لەکتێبی ڕەنگەکانی خۆشەویستیدا شەش جۆر خۆشەویستی پۆلینکردوە، کە یەکێکە لە پۆلێنە دەرونییە باوەکان، سەرەتا سێ دانەی بنەڕەتی دەستنیشانکردوە، پاشان بە تێکەڵکردنی ئەو سێ دانەیە شێوازەکانی تری لێوە دەناسرێتەوە، ئەوانیش: ئیرۆس و لودوس و ستۆرج(Eros, ludus, and storge).

(Eros) ئیرۆس ئەو جۆرە خۆشەویستییە کە بۆ گەڕان بە دوای خۆشەویستێکدا تایبەتمەندە و بە خۆشەویستی جەستەیی و سۆزداری وەسفدەکرێت، هەروەها ڕازیبونی سێکسی پەیوەست بە هاوبەشەکان و (هاوسەرانە)، سەرنجڕاکێشان بۆ یەکتر و چێژوەرگرتنە، داواکاری بۆ پاراستنی ئەو خۆشەویستیەیە

لەڕێگەی پابەند بون بەیەکترەوە. لە بەرامبەردا (ludus) لودوس ئەم زاراوەیە بەکاردەهێنرێت بۆ وەسفکردنی ئەو کەسانەی کە خۆشەویستی وەک ئارەزویەک دەبینن، کە بیانەوێت کاتێکی خۆش لەگەڵ یەکتردا بەسەربەرن بۆگاڵتەکردن و خۆبەخشین و یاریکردنی گاڵتەجاڕی بێ زیان لەسەر یەکتر، خۆشەویستانی لودوس دەیانەوێت تا دەتوانن کاتێکی خۆش بەسەر بەرن و بەدوای پەیوەندییەکی جێگیردا ناگەڕێن بە دەگمەن پەیوەندی بە یەک هاوبەشەوە دەکەن، و مامەڵە لەگەڵ خۆشەویستی دەکەن وەکو یاری و پەیوەندیەکەیان جێگیرنییە. (storge): ستۆرەج ئەم خۆشەویستییە لەسەر بنەمای هاوڕێیەتیە بەبێ ئەوەی سۆزداری تێیایدا زیاتر بێت هەڵگری و ئارامی و بێدەنگییە، کە تێیدا سێکس کەمێک یاری دەکات یان هیچ ڕۆڵێکی نییە. تێکەڵکردنی ئەم سێ ستایلە سەرەتاییەی خۆشەویستی لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی ناسینەوەی شێوازەکانیتری خۆشەویستی(Lee,1977:175 ). شیوازەکانیش ئەمانەن:

-هاوڕێیەتی هەمیشەیی.

-خۆشەویستی چڕ بۆ بەرامبەر.

-خۆشەیستی پشت پێبەستنی تەواو.

-خۆشەویستی لۆژیکی پەسەند.

-خۆشەیستی چڕ بۆخود.

-خۆشەویستی ڕۆمانسی .

(جۆن لی) دەستنیشانی ئەو نیشانانەی کردوە کە لە هەر جۆرێک لەو جۆرە خۆشەویستیانەی سەرەوەدا زاڵن لە چەشنی یەکەمیاندا: هاوسۆزی و دەربڕینی ناخی دەرون و ئەمەکداری بۆ پێویستییەکانی یەکتری لەخۆگرتوە، بەڵام چەشنی دوەمیان: لێبوردن و بەخشینی خۆشەویستی و چاوپۆشیکردن لە هەڵە و کەموکورتییەکان و چاودێری و گرنگیدان بە ئاسودەیی و خۆشەویستی دەناسرێتەوە، هەروەها چەشنی سێیەم: بە پشتبەستن و کۆنترۆڵی سۆز و پەیوەستبون بە خۆشەویستییەوە جیادەکرێتەوە، ئەو کەسەی ئەم جۆرە خۆشەویستییە دەکات، بەدەست بێخەوی و نان نەخواردن و لە دەستدانی بیرکردنەوەی لۆژیکییانەوە دەناڵێنێت و ژیانی لە بازنەی هەڵچوندا دەبێت، بەڵام چەشنی چوارەم: ئەو جۆرەیە کە هاوسەنگە و بەتەواوەتی لە هەمو ئەو شتانە دوردەکەوێتەوە، کە شایەنی خۆشویستن نین و ئەو کەسەی کە ئەم جۆرەی خۆشەویستی دەکات، بە وردی و تەواوی توانا و بەهاکانی خۆشەویستەکەی دەنرخێنێت و پارێزگاری لێدەکات، چونکە لەگەڵ خواست و داواکارییەکانیدا یەکدەگرێتەوە و هەوڵدەدات پارێزگاری لێبکات و پێداویستییەکانی تێر بکات و پلە و پایەی بەرزبکاتەوە و بەها ماددی و مەعنەوییەکانی ئەو خێزانەی کە خۆشەویستی لێوەرگرتوە دەپارێزێت. (صالح،٢٠١٩:٢٧).

چەشنی پێنجەم: ئەو کەسەی ئەم خۆشەویستییە دەکات، وەکو یارییەک دەیبینێت، ئامانجی ئەوەیە تەنیا براوەبێت و خۆی بەرز و پایە بڵند پیشاندەدات و بەلایەوە گرنگ نییە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی زیاتر لە یەک خۆشەویست کۆبکاتەوە لەیەک کاتدا و لایەنی سێکسیشی بریتییە لە خۆویستی و پەیوەندییەکەشی هەر خۆپەرستییە بەبێ گوێدانە لایەنی بەرامبەر و خۆشەویستییەکەشی کاتییە، تاکو ئەو کاتەی بزانێت گریمانی دۆڕاندن و بردنەوە لە ئارادایە، ئیتر واز دەهێنێت و دەچێتە لای یەکێکی تر، چەشنی شەشەم: خۆشەویستی ڕۆمانسییە خاوەنەکەی باوەڕی بە یەکەم نیگاو کەوتنە ناو داوی خۆشەویستی هەیە، کەسەکە لەم جۆرەیاندا حەز دەکات هەمو ڕوداوەکانی خۆشەویستی یادبکەوێتەوە و بزانێت وەک کەسێتی و حەزو ئارەزوەکانی لەمەش زیاتر گەڕان بەدوای ناسنامەیەکی هاوبەشدا بۆ خۆی و ئەو کەسەی کە خۆشیدەوێت، ئەوانەی ئەم چەشنە خۆشەویستییە دەکەن حەزیان بە پەیوەندی سێکسی و پێشوەخت هەیە (کمال، ١٩٩٤: ٣٨٤).

**سێیەم- بەهای خۆشەویستی لە ڕوانگەی زانایانی کۆمەڵناسییەوە:**

هەوڵی کۆمەڵناسان بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی خۆشەویستی ڕۆمانسی لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمەوە دەستی پێکردوە لەلایەن زانایانی وەک (ئەمیل دورکایم و جۆرج زمێل و ئەنتۆنی گیدنز و أورلیش بیک و زیگموند باومان) بە تایبەت لە دەیەکانی ڕابردودا کۆمەڵناسان بابەتی خۆشەویستی لەتوێژینەوە زانستییەکانیاندا پەرەپێداوە و، بوەتە جێی بایەخ بەو پێیەی لە ڕوانگەیەکی پەرەسەندنخوازانە و کولتوری و کۆمەڵایەتییەوە توێژینەوەیان لەبارەیەوە ئەنجامداوە، لە ئەنجامدا وا لە بابەتی خۆشەویستیان ڕوانیوە کە خۆشەویستی سۆزێکی جیهانییە لە کولتورە جیاوازەکاندا بونی هەیە ئەمەش وایکردوە لێکچون و جیاوازی هەبێت لە هەڵوێستەکاندا بەرامبەر بە خۆشەویستی و ئەزمونەکانی لە کولتور و دابونەریت و قۆناغە کاتییە جیاوازەکاندا.

( Karandashev,2015:p3).

واتە بەهای خۆشەویستی لەناو هەمو کلتورو دابونەریت و خێڵ وعەشرەتەکاندا تەنانەت لە وڵاتان و شارە جیاوازەکاندا بونی هەیە، بەڵام بەکارهێنان و مەبەستەکانی جیاوازە، لەناو کورد دا وشەی خۆشەویستی کە باسدەکرێت زیاتر بۆ قۆناغی پێش هاوسەرگیرییە، زۆر کەم باس لەو هاوسەرانە دەکرێت، کە خۆشەویستی لەنێوانیان چۆنە چۆن لەگەڵیدا درێژە بەژیانی خۆیان دەدەن، لەکاتێکدا بەهاکە بناغەی پەیوەندی هاوسەرییە. هەر بۆیە زانایانی کۆمەڵناسی بەشێوەیەکی قوڵتر لە دەرونناسەکان وەستاون لە باسکردنی خۆشەویستی و ڕۆڵ وکاریگەرییەکەی لەسەر کۆمەڵگە و ئەو سودانەی کە خۆشەویستی

پێشکەش کۆمەڵگەی کردوە، ئەویش بەهۆی ئەو تایبەتمەندییە جەوهەرییانەی کە خۆشەویستی هەیەتی بۆ کۆمەڵگە (صالح،٢٠١٨:٢٣).

هەر بۆیە کۆمەڵناسەکان خۆشەویستی وەکو ڕەفتارێکی کۆمەڵایەتی دادەنێن، کە تیایدا تاک ملکەچی چەند شێوازێکی ژیانی کۆمەڵییە کە لەلایەن عەقڵی بەکۆمەڵەوە دیاری دەکرێن. بەڵگەش بۆ ئەمە ئەوەیە ئەو کردارە سێکسییەی کە تاکێک لە دەرەوەی هاوسەرگیری ئەنجامی دەدات و گروپەکە لە دژی دەوەستن، بە کردەوەیەکی نایاسایی دادەنرێت و دەبێتە کردەوەیەکی نا دروست لەناو سیستەمی خێزاندا، بەڵام لەچوارچێوەی خێزان ڕێگەپێدراوە و تەنانەت وەکو مۆرکێکی پیرۆز و ئەرکێکی ئایینی دادەنرێت. بەو پێیەی کۆمەڵگە ئارەزوی بەردەوامبون و پاراستنی مانەوە دەکات، بۆیە خۆشەویستی بە هاوسەرگیرییەوە دەبەسترێتەوە، ئەمەش بۆ بەردەوامی ژیان زیادکردنی نەوە و مسۆگەرکردنی مانەوەی کۆمەڵگا. بەم پێیە، لە زمانی کۆمەڵناسیدا، بەستنەوەی خۆشەویستی بە هاوسەرگیری، ڕەچەڵەک، بۆماوەیی، ژینگە، مەحرەم، بنەماڵە، منداڵ، پەیوەندی خزمایەتی و بەردەوامبونی پەیوەندی نێوان پێشینەکان و جێنشینەکانەو، کۆمەڵناسەکان لە خۆشەویستی وەک کارکردێکی کۆمەڵایەتی تێدەگەن کە ژیانی گروپی لەسەر بنیات نراوە.(ابراهیم،٢٩:بدون سنة).

کۆمەڵناسەکان خۆشەویستی لە سنوری دیاردە کۆمەڵایەتییەکان و دابونەریتی کۆمەڵایەتی باودا لێکدەدەنەوە. خۆشەویستی هیچ ئەرکێکی سێکسی یان ئارەزوی سێکسی نەبوە لە سەرەتادا بەڵکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتی بوە ئامانجی پێکهێنانی خێزانێک بو بۆ مانەوەی جۆر،بەڵام پاش بەستنەوەی بە هاوسەرگیری و پێکهێنانی خێزان و لە چوارچێوەی ئەم هاوسەرگیرییەدا پەیوەندی سێکسی دروستە و هەر پەیوەندییەکی سێکسی لە دەرەوەی چوارچێوەی هاوسەرگیری قەدەغەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین بە بڕوای زانایانی کۆمەڵناسی خۆشەویستی ئەرکێکی کۆمەڵایەتی وئامانجی پێکهێنانی بنەماڵە و بەردەوامیی جۆرەکەیەتی (بالروین،١٩٨٧:١٨). ئەممە ئەوە دەردەخات کە لەپشتی هەر ڕەفتارێکی خۆشەویستی ئامانجێک هەیە، ئەو ئامانجەش لە خزمەت مەبەستەکانی مرۆڤدا دەبێت، چونکە سەرەنجام سودی بۆ کۆمەڵگەو هەمو تاکەکان دەبێت، هەربۆیە خۆشەویستی ڕەفتارێکی بەخشەرەو هۆکارێکی بەختەوەرییە،لێرەدا ئاماژە بەڕای چەند زانایە ک دەکەین لەبارەی خۆشەویستی:

**١- دورکهایم(Emile Durkheim)** (1858-1917) لەنێوان دو جۆر خۆشەویستی لە چوارچێوەی دامەزراوەی هاوسەرگیریدا جیاوازی کردوە: خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان، کە بە ئەرکێکی ئیجباری دەزانێت، خۆشەویستی سۆزداری نێوان ژن و پیاو، کە لەسەر بنەمای هەڵبژاردنی ئازاد دامەزراوە، خۆشەویستی خێزان لە ژێر فەرمانی ئەرک دایە، چونکە پێش هەمو شتێک دەربڕینی ئەخلاقێکی کۆمەڵایەتییە.

خۆشەویستی نێوان ئەندامانی خێزان ئەرکێکی ئەخلاقییە و بەو هۆیەوە پێویستییەکی خێزانییە و لە غیابیدا دامەزراوەی خێزان دەڕوخێت. بەڵام خۆشەویستی سۆزداری نێوان دو کەس خۆشەویستیەکی ئازادە لە ئەنجامی جوڵەی خۆبەخۆی هەستی تایبەتە، و بەم شێوەیە جیاوازە لە ئەندامانی خێزان کە لە ڕوی سۆزدارییەوە وەک جۆرێک لە ئەرک بەیەکەوە گرێدراون، بەڵام خۆشەویستی سۆزداری ڕۆمانسی لەنێوان پیاو و ژندا بنەمای هەیە و لانیکەم لەبنەڕەتدا لەسەر پەیوەندییە ئیختیارییەکانی نێوانیانە.(Rusu,2018:4-5)

واتە: خۆشەویستی خێزان لەناو دایک و باوک و منداڵدا شتێکە، هەر هەیە پەیوەندیەکی خوێنییە، بەڵام لە نێوان ژن و پیاو دەکرێ ئەو خۆشەویستییە زیاتر بێت یان کەمتر دەوستێتە سەر جۆری پەیوەندیەکە، بۆنمونە لەئێستادا خێزان هەیە خۆشەویستی تیادا نییە، بەڵام لەبەر منداڵەکان دایک وباوک بە ئیجباری پەیوەندییەکان بەردەوام دەکەن و بە ئاسایی دەژین دورکایم بەوە ناڵێ خۆشەویستی دەڵی ئەوە ئەرکی خێزانە.

**٢-جۆرج زمێل (Georg Simmel) (١٨٥٨_١٩١٨)** یەکێکە لەو کۆمەڵناسانەی کە بەشێوەیەکی ورد و زانستی توێژینەوەی بەهای خۆشەویستی کردوە، وەکو هەمو دیاردەکانی تری کۆمەڵگە، لەوبارەیەشەوە لە پەیوەندی خۆشەویستی و سۆزگۆڕینەوەدا، باس لەوە دەکات جیاوازی لە کۆمەڵگا مۆدێرنەکان و کۆمەڵگا تقلیدییەکاندا هەیە، جیاوزییەکەش ئەوەیە خۆشەویستی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا سەربەخۆیە لە ئەخلاق، ئەمەش بەواتای سەربەخۆیە لە هەردو چەمکی (خودێتی) و(ئەویترە) و، تەنیا ئامانجی خۆشەویستییەکە خۆیەتی نەک وەچە خستننەوە و ئەرکێک بۆ کۆمەڵگا بەجێ بهێنێت، پێچەوانەی کۆمەڵگا تقلیدیەکانەوە، کە وەبەرهێنان و خستنەوەی منداڵ بە ئامانجی خۆشەویستی لێکدراوەتەوە (سیوەیلی،٢٠١٣:٦٩).

هەروەها (زمێل) باس لەوەدەکات کۆمەڵگا، دژایەتی ئەو خۆشەویستییە دەکات بەبێ ئامانج و مەبەست بێت، بەڵکو ئامانجی ئەوە بوە پەنجە بخاتە سەر ئەو جیاوازییە سەرنجڕاکێشەی دیاردەی خۆشەویستی، واتە دژایەتی نێوان ئەوەی کۆمەڵگا داوای دەکات لە خۆشەویستی دو کەس و ئەوەی دەبێتە هۆی پەیوەندی خۆشەویستی نێوان خودی دو خۆشەویستەکە، ئەمەش بەواتای کۆمەڵگا ڕێگە بە دامەزراندنی پەیوەندی ڕۆمانسی نادات جگە لە ئامانجێکی بنەڕەتی و کارایی، کە بریتییە لە مسۆگەرکردنی بەردەوامی خۆی، لە ڕێگەی ئەوەی خۆشەویستی بەرهەمیدەهێنێت، وەک هاوسەرگیری و زاوزێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا خۆشەویستی هەستێکی بەرزە و بەهێزە لە دڵی هەردو کەس کە یەکتریان خۆشدەوێت، هەوڵدەدات لانەدات لەو ئامانجە بنەڕەتییەی کە کۆمەڵگا بۆی داناوە، وەکو وەچەخستنەوە، پاشان دەبێتە

هەستێکی سەربەخۆ لەنێوان هاوسەران و ڕەنگدەداتەوە لە پەیوەندییەکەیاندا (الشيخ محمدوالطائری،١٩٩٦:٧٦) .

دەتوانین بڵێین (زمێل) باس لەوەدەکات، خۆشەویستی لە کۆمەڵگای مۆدێرندا تەنیا ئەرکی منداڵخستننەوە نییە، وەک کۆمەڵگای تەقلیدی، بەڵکو خۆشەویستی ئەرکی دابینکردنی خۆشگوزەرانی تاکەکان و پاشان ئەرکی هاوسەرگیری کردن و ئامانجیشی سەربەخۆی هاوسەرەکان و بەسەربردنی کاتە،وەک خودێتی خۆیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لانادات لە ئەرکی منداڵ خستنەوە. لە ئێستاشدا زۆر بەڕونی ئەم دیاردەیە دیارە کە هاوسەرەکان پاش چەند ساڵێک لە هاوسەرگیری کردن، ئینجا بیر لە منداڵ بون دەکەنەوە،لەگەڵ ئەوەشدا ژمارەی منداڵیشیان سنوردار کردوە لە یەک دو منداڵ تێپەڕ ناکات بە گشتی.

٣-**ئەنتونی گیدنز(Antony Giddene)(١٩٣٨):** لە چوارچێوەی خێزاندا باس لە خۆشەویستی دەکات پێیوایە دڵپێدان لە هەست و سۆزی مرۆڤەوە سەرچاوە دەگرێت و ئاساییشە کە دو کەس یەکتریان خۆش بوێت و هاوسەرگیری بکەن و لە پەیوەندییەکان بەدوای تێرکردنی ئارەزوەکانیان بگەڕێین، ئەزمونی خۆشەویستی جیاوازی هەیە بە پێی کات، لەبەرئەوەی خۆشەویستی ڕۆمانسی پێش دوسەدە لە ڕۆژئاوا باوی نەبوە، بەڵکو لە سەدەی نوێدا خۆشەویستی و هاوسەرگیری و ئارەزوی سێکسی پەیوەست بە یەکترەوە کراون، هەروەها پێیوایە لەسەدەکانی ناوەڕاست، دوای ئەویش مرۆڤەکان لەپێناو هێشتنەوەی مافی موڵکداری و بنەماڵە و بەخێوکردنی منداڵدا خێزانییان پێکهێناوە، پەیوەندییە سێکسەکان لە دەرەوەی هاوسەرگیریدا هەبون، هەستی دەرونی خۆشەویستی لە پەیوەندی هاوسەری دا نەبوە. (گیدندنز،٢٠٠٩:٢٦)

(گیدنز) پێیوایە کە خۆشەویستی ڕۆمانسی بەرهەمی مۆدێرنتە یان، لانی کەم لەگەڵ پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆندا بوە و وا گریمانە دەکات، کە خۆشەویستی ڕۆمانسی لە کۆتایی سەدەی هەژدەیەمەوە بەدواوە دەستیکردوە بە هەستکردن بە بونی خۆی و پەیوەندی بە ڕۆمانی ڕۆمانسییەوە هەبوە، نەک تەنیا وەک گێڕانەوەیەکی ئەدەبی ڕۆمان بەڵکو وەک فۆرمێکی چیرۆک گێڕان، کە تێیدا خود گێڕراوەتەوە (Giddens,1992: 39).

هەروەها پێی وا بو خۆشەویستی ڕۆمانسی بەو مانایە بوە، کە پێش مۆدێرنیتە و گۆڕانکارییەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی جارێک مرۆڤەکان هاوسەر گیریان دەکرد و، بە زۆری لەگەڵ یەکتردا گیربون، گرنگ نییە پەیوەندییەکە چۆن پەرەی سەندوە، بەڵام بەپێچەوانەی ئێستاوە کە خەڵک بژاردەی زیاتریان لە بەردەستدایە لەکاتێکدا پێشتر جیابونەوە قورس بو یان مەحاڵ بو بۆ بەدەستهێنانی (گیدنز،٢٠٠٩:٥١٤). گیدنز لە وەسفکردنی پرۆسەکانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، کە گۆڕانکاری لە سروشتی خۆدناساندن و ئیتنیمدا بوە، باس لە سەرهەڵدانی (خۆشەویستی یەکگرتن) و (پەیوەندی پاک) دەکات.

خۆشەویستی یەکگرتن پەیوەستە بەوەی خۆشەویستان خۆیان بەڕوی یەکتردا بکەنەوە. پەیوەندی پاک وەک دوا دیدی ئایدیاڵ تایپ، هیچ پێکهاتەیەکی سەرتاسەری نییە بۆ بەردەوامبونی. بەڵکو دینامیکی سەرەکی بەردەوامکردنی بریتییە لە خۆئاشکراکردنی یەکتر و قەدر زانینی سیفەتە ناوازەکانی یەک(Jamieson,1999: 478)

هەر بۆیە پەیوەندییەکی پاک بریتییە لەوەی کە پێوەرە دەرەکییەکان تێیدا هەڵوەشاونەتەوە پەیوەندییەکە تەنیا بۆ هەر پاداشتێک بونی هەیە کە ئەو پەیوەندییە دەتوانێت بیگەیەنێت. لە چوارچێوەی پەیوەندی پاکدا، متمانە تەنیا بە پرۆسەی ئاشکراکردنی یەکتر دەتوانرێت کۆبکرێتەوە( :Giddens,1992 52). هەروەها گیدنز پێی وایە پەیوەندی جۆری ئینتیما کە لە پەیوەندی پاکدا هەیە، بە پێویستی دەزانێت یەکسانی لە نێوان لایەنەکانی پەیوەندییەکەدا هەبێت، واتە هەستێکی هاوبەشی خۆئاشکراکردن و بەشداریکردن لەسەر بنەمای یەکسان لە پەیوەندییەکەدا. گیدنز پێی وایە کە پێشکەوتن بەرەو پەیوەندی پاک هاوتەریبە لەگەڵ سەرهەڵدانی فۆرمێکی وەڵامدەرەوەتر و داهێنەرانە تر لە سێکسییەت کە ناوی دەنێت (سێکس وا لیتی پلاستیکی) ئاماژە بە بەرزبونەوەی خۆ ئاگاداری، کە لە کۆتایی بیستەمدا بوە –ئازادی سەدە لە هەر شێوازێکی پێشوەختەی جەوهەری بۆ سێکسی بون. وەک و کۆدێکی پەیوەندیدار نەک دیاردەیەک کە لەگەڵ پێداویستییە فراوانەکانی بونی مرۆڤدا تێکەڵ کراوە. لە ڕەفتاری سێکسیدا هەمیشە جیاوازی لە نێوان چێژ و زاوزێدا کراوە، بەڵام کاتێک پەیوەندییە نوێیەکانی نێوان سێکس و ئینتیما دروست بون، سێکسییەت زۆر زیاتر لەپێشو بە تەواوی لە زاوزێ جیابوەوە. سێکسییەت دو هێندە وەک کاریگەری بۆ خۆ بەدیهێنان و ئامرازێکی سەرەکی و هەروەها دەربڕینێک بۆ ئینتیما پێکهاتبو47 :Jamieson,1999) .

چەمکی سێکسی پلاستیکی لە ڕوی تیۆرییەوە لەلایەن(گیدنز) (١٩٩٢) پەرەی پێدراوە لەڕوی هەڵبژاردنی تاکەکەسی و چوارچێوەی نۆرمەکانی کۆمەڵایەتییەوە،هەر بۆیە ئاماژە بەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا سەریانهەڵداوە، بۆیە سێکس بەو سێکسە دەوترێت کە نەرمونیانە، تاک بە ئازادانە هەڵی دەبژێرێت یان لە چوارچێوەی خێزانە یان لە دەرەوەی خێزاندایە و، پلاستیک ئاماژەیە بۆ نەرمی دەربڕینی ئیرۆتیک، بە پێچەوانەی ئەو تایبەتمەندییانەی کە پەیوەندییان بە سێکسییەتی پێش مۆدێرنیزمەوە هەیە کە تەنیا لە چوارچێوەی خێزاندا بوە(Ritzer,2007,3413).

هەر بۆیە سێکسییەتی پلاستیکی ئەو شتەیە کە دەتوانرێت بەپێی پێویستی و خواستی ئیرۆتیکی تاک لە قاڵب بدرێت. هەروەها دەتوانێت وەک نیشاندەری ناسنامەی تاک، یان وەک ئامرازێک بۆ پێشکەشکردنی داواکاری سێکسی ڕیشەیی بێت. بەم پێیە دەرەنجامی جیاکردنەوەی سێکس لە زاوزێ بریتییە لە زیادکردنی جەختکردنەوە لەسەر چێژ و کەمکردنەوەی جەختکردنەوە لەسەر سێکسی پابەند. هەر بۆیە سێکسی پابەند

باس لە و چەمکە دەکات کە پەیوەندی بە دوانە ییەکانی مۆدێرنتەوە هەیە، کە گیدنز پێ یدەڵێت (سێکس وا لیتی جێگیر) کە جیا ڕەگەز یان هاوڕەگەزباز، هاوسەرگیری (شەرعی) یان هاوسەرگیری (ناشەرعی) و پابەند یان لەشفرۆش دەگرێتەو(Ritzer,2007,3413).

واتە دەتوانین بڵێین باس لە ئازادی سێکسی دەکات کە لە سەردەمی مۆدێرنیتەدا زیاتر دەرکەوتوە لە ئێستاشدا دیاردەیەکە بە ئاشکرا باسی لێوەدەکرێت کە هاوسەرگیری هاوڕەگەزەکانە. هەروەها باس لەوەدەکات تاکەکان دەگەڕێن بەدوای چێژ و کەمتر پابەندی هاوسەرگیری شەرعی دەبن، ئەگەر بچنە ناویشیەوە بە زوی جیادەبنەوە بەهۆی ئەوەی نایەنەوێت ژیانیان ببەسترێتەوە و پابەندی هاوسەرگیری بن بۆ ماوەیەکی درێژ.

مرۆڤەکان زیاتر بەدوای پەیوەندی ئینتیمی لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەگەڕێن کە لەسەر بنەمای یەکتر ناسین و لێکتێگەیشتن بەردەوام بێت. ئەم جۆرە پەیوەندییە پاکانە لەپێناو خۆیاندا دەچنە ناوەوە و تەنیا بەو پاساوە بەردەوام دەبن کە هەر لایەنێک بەردەوام بێت لە وەرگرتنی ڕەزامەندی کەسی تەواو. هەروەها گیدنز ئاماژە بەوە دەکات کە چۆن پارچەپارچەبونی پێکهاتە کۆمەڵایەتییە دامەزراوەکان لەگەڵ یەکتر، بوەتە هۆی سەرهەڵدانی جۆرێکی نوێ لە سێکس والیتی پلاستیکی کە لە دەرەوەی سنورە ئاساییەکان یان دەربڕدراوە. ئەم جۆرە گۆڕانانەی ئینتیما هەم وەک وەڵامێک بۆ گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و هەم وەک تایبەتمەندییەک لە گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکان سەیردەکرێن(Gillies ,2003:9).

واتە (گیدنز) باس لەو گۆڕانکاریانە دەکات، کە لە ئێستادا بەناوی ئازادی ڕادەربڕین تاکەکان لە دەرەوەی خێزان و هاوسەرگیری زیاتر بەدوای خۆشگوزەرانی خۆیان دەگەڕێن، کەمتر پابەندی یاسا و سنورەکانی هاوسەرگیری دەبن نمونەش بۆ ئەمە ئێستا بە ئازادی باس لە جیابونەوە و دوبارە هاوسەرگیری دەکرێتەوە، کە لە کاتێکدا پێش مۆدێرنیتە جیابونەوە شتێکی حەڵاڵ بو، بەڵام زۆر پەردەپۆش کرابو لەپێناو نازناوی بنەماڵە و، خێزانەکان ئێستا بەئاشکرا باس دەکرێت و ئاساییە.

**٤-أورليش بيک (١٩٤٤-٢٠١٥)(Ulrich Beck)** : باس لەو جۆرە دەکات کە لە جیهانی تەکنۆلۆژیدا خۆشەویستی مەجازی (الافتراضی) سیفەتێکی بۆماوەیی نییە، بەڵکو بونیادێکی کۆمەڵایەتییە کە بەپێی سروشت و شێوازی ژیان و پابەندبونی ئەخلاقی کۆمەڵگا مرۆییەکان دەگۆڕێت. لەسەر بنەمای وزەیەکی سۆزدارییە کە لە دەرەوەی جیهانی نا مەجازی ڕودەدات و زۆر خواستراوە کاتێک تاکەکان بە گونجاو سەیری دەکەن بۆ بەکارهێنان. خۆشەویستی مەجازی لەسەر بنەمای ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی دامەزراوە، کە بەستراوەتەوە بە هەستی سۆزداری نێوان تاکەکان و گرنگی بە ستانداردەکان دەدات بۆ ئەوەی چی شایستە

و چی واجبە و چی ڕەتدەکرێتەوە. بەشدارە لە بنیاتنانی پەیوەندی یەکسان لە نێوان هاوبەشەکان لە جیهانێکی نا یەکسان دا بە جۆرێک کە هەست بە ڕەزامەندی دەرونی بکەن (اورلیش بیک،٤١:٢٠١٤)

(اورلیش بیک الیزابێث بیک) باس لە پرۆسەی دوبارە پێوانەکردنی جوگرافی دەکەن، کە بەهۆی سەرمایەداری جیهانییەوە ڕودەدات و کاریگەری لەسەر دروستبونی پەیوەندی و ئینتیما هەیە. لە کاتێکدا خۆشەویستی دور بە بەراورد لەگەڵ خۆشەویستی نزیک لەگەڵ تەحەدای نوێدا دێت، دوری کولتوری دەبێتەهۆی پێناسەکردنی مانا و ناکۆکی نوێ لە خێزاندا. تێگەیشتنە کولتورییەکان و یاسا نەوتراوەکانی پشت هاوسەرگیری و سێکس و پەیوەندییە ئینتیمییەکان لە سەرانسەری جیهاندا جیاوازن و گۆڕاون، چونکە نوێنەرایەتی پلەبەندی و خوەکانی نەریتی دەکەن، هەروەها باس لە مۆدێرنەی و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم دەکەن. پێیان وایە هۆکاری مۆدێرنیتە جۆرەها کەسی جیاواز پێکەوە دەژین و بە لەبەرچاوگرتنی مەودای کولتوری و جوگرافی هاوسەران، مۆدێلی خێزانی نوێ و تێکەڵاو بەرهەمدەهێنن (Rado,2016: 126).

دەتوانین بڵێین باس لەو خۆشەویستییە دورە دەکەن کە بەهۆی تەکنۆلۆژیا و گۆڕانکارییەکان بەسەر بونیادی خێزان و هاوسەراندا هاتوە، هەروەک باس لەو هاوسەرگیرییە دەکەن کە کەسەکان خەڵکی یەک وڵات نین بەڵام پێکەوە دەژین و هاوسەرگیری دەکەن تێکەڵاوی نەریت و کولتوری یەکتر دەبن هەر وەک هاوسەرگیری کوردێک لەگەڵ ئەڵمانێک لەمەشەوە کولتور و دابونەریت بۆ یەکتر دەگوازنەوە.

بیک پێی وایە سروشتی خۆشەویستی لەبنەڕەتدا دەگۆڕێت بە هاوبەشی لەگەڵ گۆڕانکارییەکان و ژیانی سێکسی و فۆرمەکانی خێزان. بێک پێی وایە خۆشەویستی بوەتە جێگەی گفتوگۆ و خۆشەویستان خۆیان دەبێت لە پەیوەندی لەگەڵ ژیاننامەکانی خۆیاندا پڕیبکەنەوە و ژیانی سۆزداری دەرەنجامەکانی ئەم دۆخە پڕ لە گۆڕانکارییە چەندین لایەنەیە. لەلایەک ئەگەری دروستکردنی فۆرمەکانی تاک گەرایی لە ژیانی کەسیدا هەیە کە هاوتەریب لەگەڵ ئەو فۆرمانەی کە لە کایەی گشتیدا بەدەستهاتون و لە لایەکی دیکەوە ئەگەری نەگونجاندن و جیابونەوە هەیە. بۆیە خۆشەویستی لەهەمانکاتدا لە جاران گرنگتر دەبێت و،زیاتر زەحمەت تر دەبێت، چونکە خەبات بۆ هاوئاهەنگی خێزان و پیشە و هاوسەرگیری، گەڕان بۆ خۆشەویستی ئایدیاڵ دەبێتەهۆی نائومێدی و تاک ناچار دەکات بەردەوام دەست بە پەیوەندی نوێ بکات، کە لەئەنجامدا جۆرێک لە جۆرەکانی خێزان سەر هەڵدەدات کە پێی دەگوترێت خێزانی دانوستان کراو، خێزانی جێگرەوە، خێزانی فرەیی کە لە ئەنجامی جیابونەوە و دوبارە هاوسەرگیرییەوە دروست دەبێت، ئەم جۆرە پەیوەندییانە بە کاتیی تایبەتمەندن لەژێر ئەو بارودۆخەشدا هاوسەرگیری دەبێتە پەیوەندییەک بۆ تێرکردنی کاتیی پێداویستییەکانی یەکتر.( Beck& Elizabeth,1995:36)

بیروڕای (بیک)یش هەروەک زاناکانی کۆمەڵناسی پێش خۆی کە خستومانەتە ڕو باس لەو مەترسییانە دەکات کە بەهۆی گۆڕانکارییەکان بەسەر خۆشەویستی و خێزان و هاوسەرگیری دا هاتوە، هەمویان لەسەر ئەوە کۆکن کە پەیوەندییەکان درێژکراوەی مۆدێرنەن بەپێی بەرژەوەندی و لەخزمەت تاک گەرایدا بەکارهاتون، ڕای زانایان ڕێک لە ئێستادا لە کۆمەڵگەی کوردیدا دەبینرێن، کە چۆن خۆشەویستی بەکاردێت بۆ ئامانج و مەبەستی کەسی و جیابونەوە و دورکەوتنەوە لە یەکتر بە ناوی ئیش و بە ئازادی بڵاوکردنەوەی هەندێک هەواڵ و تێکدانی شیرازەی خێزان لەناو کۆمەڵگە بوەتە دیاردەیەکی بڵاو.

**٥-زیگموند باومان(Zygmunt Bauman)(١٩٢٥_٢٠١٧)**

باومان باس لە خۆشەویستی دەکات لە چوارچێوەی بەرهەمەکانیدا بەناوی (المجموعە السائلة) کە کە بە مۆدێرنەی شل ناویان دەبات باس لە دو چەمک دەکات (مۆدێرنەی شل و مۆدێرنەی ڕەق) مۆدیرنەی ڕەق ئەوەیە کە تیایدا عەقڵ دەسەلاتی ڕەهای بەسەر هەمو شتێکەوە هەیە، بەڵام مۆدێرنەی شل مەبەستی لە پۆست مۆدێرنەو چەمکە ڕەقەکان شل بونەتەوەو عەقڵ دەسەلاتی ڕەهای نەماوە بەسەر شتەکاندا. لەناویشیاندا باس لەخۆشەویستی شل دەکات و پێی وایە ئەو سەردەمەی ئێمە تێیدا دەژین  بە تایبەتمەندی ئاژاوە و زیادبونی گۆڕانکارییەکان ناسراوە  تا ئەو ڕادەیەی کە دەتوانین لە پۆلی پۆستمۆدێرن دور بکەوینەوە بۆ پۆلی مۆدێرنیتە شلەکان، و هەر بۆیە مۆدێرنیتە  پۆستمۆدێرن نییە، بەڵکو تازەگەرییەکی شلە لەسەر بنەمای سروشتی ئەو گۆڕانکاریانەی کە کاریگەرییان لەسەر ژیانی مرۆڤ هەیە، بە پێچەوانەی ئەو سروشتە ڕەقەی کە بە مۆدێرنیتە تایبەتمەند بو.(السید، ٨٦:٢٠٢٠)  واتە ژیان ئەوەندە گۆڕاوە کە بیرکردنەوەی عەقلانی ڕەها نەماوە.

هەروەها باس لە چەمکی نەختینەیی(السیولة)دەکات کە بە بڕوای باومان گوزارشت لە دۆخی کۆمەڵگا مۆدێرنەکان دەکات کە گواستنەوەیان لە کۆمەڵگە تەقلیدییەکانەوە تۆکمە و قورس بون، بەڵام لە سەردەمی گەشەسەندن و پێشکەوتن و فشاری زیاتری هەڵوەشاوەی مۆدێرنیتە و جیهانگیردا ئەم کۆمەڵگا مۆدێرنانە یەکەم شتیان بۆ گۆڕان  ماددە ڕەقەکان بون کە مۆدێرنیتە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی داون، هەروەها دوەم پیرۆزییەکان  بون کە بەهۆی پیسکردنیانەوە بڕیاری لەسەر دراوە .( باومان ب، ٤٣:٢٠١٥)

واتە گۆڕانکاری لەسەردەمی پێش مۆدێرن زۆر قورس بوە بەڵام لەئێستادا گۆڕانکاری هەمو لایەنەکانی گرتوەتەوە.

هەربۆیە (باومان) باس لە خۆشەویستی شل دەکات لە کتێبەکەیدا کەپێی وایە: لاوازی وناسکی پەیوەندییە مرۆییەکانی مرۆڤ  بوەتە کەسایەتی  سەردەمی مۆدێرن و شلەی هاوچەرخ، ئەم سەردەمە وا دەکات  پیاو یان ژن هیچ پەیوەندییەکی جێگیرو هەمیشەییان نەبێت  بە تایبەت لەو پەیوەندییە جێگیرانە یان

بەردەوامانەی کە ڕێگە بە هەوڵی خۆپێناسەکردن و خۆدڵنیاکردنەوەیان دەدات، چونکە هەریەک لەو هاوسەرانە پەیوەندییەکانیان کاتیی وتێپەڕن و گرەنتی بەردەوامبونیان نیە، بەهۆی شل بونەوەی پەیوەندییە نەریتی و چەسپاوەکان و شل بونەوەی خۆشەویستی و پەیوەندییە سۆزدارییەکان کۆنترۆڵیان لەدەست داوە وەکو جاران چیتر حەز پێکراونین و بەهۆی ئەوەشەوە وەکو دانیشتوی کۆمەڵگەی شل ناویان دەبات (Muninuzzama,2017:8 ).

هەروەک باس لە ئەوە دەکات کە چۆن گەڕان بەدوای بەرژەوەندی و هەڵبژاردنی عەقڵانی هەمیشەیی و پەیوەندییە سۆزدارییەکانیان لە ناوبردوە کە بە هەمیشەیی و خۆبەخۆی وخۆکاری ویژدانی ناسراوبون،ئەمەش بەوپێیەی کە کۆمەڵگەی (الاستهلاکی) بەکاربەری مۆدێرن بەردەوام پێداویستییەکان دروست دەکات، هەمو شتێکی کۆن دەگۆڕێت بۆ شتێکی سەرزەنشتکراو کە شایەنی ئەوەیە بخرێتە زبڵەوە، لەوانەش هەست و جەستە و پەیوەندییەکان(محمد،٢٠٢٢:٤٩٦).

لەلایەکی تریشەوە (باومان) جیاوازی لەنێوان خۆشەویستی وئارەزو دەکات: ئارەزو ئارەزوی بەکاربردنە. ئارەزوی تێربون و، خواردن و، خواردنەوەو و، ئارەزوی لەناوچونە، چونکە ئارەزو پێویستی بە هیچ هاندەرێکی ترنییە جگە لە بونی خودێکی تر، سەبارەت بە خۆشەویستی، خەمی چاودێری و پاراستنی بابەتی چاودێرییە. هۆکارێکە لە ناوەندەوە پاڵدەنێت، نەک ئارەزویەک کە بەرەو ناوەند ڕاتبکێشێت. هێزێکە دەستی درێژ دەکات و تێدەپەڕێت و درێژی دەکاتەوە بۆ ئەوەی لە دەرەوەیە، هێزێکە خود لە بابەتەکەدا ڕەنگدەداتەوە و نەک بە پێچەوانەوە وەک ئارەزو. ئەگەر ئارەزو ئارەزوی بەکاربردن بێت، ئەوا خۆشەویستی ئارەزوی خاوەندارێتی دەکات. وە ئەگەر بەدیهێنانی ئارەزو بە مانای لەناوچونی هۆکارەکەی بێت، ئەوا خۆشەویستی لەگەڵ و هەمیشەیی هۆکارەکەی خۆیدا گەشە دەکات. وە ئەگەر ئارەزو خۆی لە خۆی وێران بکات، ئەوا خۆشەویستی خۆی لە خۆیەوە بنیات دەنێت(باومان أ،٢٠١٦:٤٣) .

هەربۆیە پێیوایە هەڵبژاردنەکانی نێوان هەردو هاوسەر بوەتە بنەمای هەڕەمەکی لە بری پلاندانانی عەقڵانی و هاودەنگی نێوان هەردو هاوسەر بوەتە بنەمای بەرژەوەندی وهەڵبژاردنی کەسی. ئەوەی خۆشەویستی شل جیا دەکاتەوە ئەوەیە ئەو پەیوەندییە سۆزدارییە دەشکێنێت کە لەسەر بنەمای هاوسەرگیری نێوان هەردو هاوسەر دامەزراوە، کار دەکات بۆ ڕزگارکردنیان لەو سنوردارکردنانەی کە دەتوانێت بیانخاتە چارەنوسێکەوە کە حەزیان لێی نییە. خۆشەویستی شل پاڵیان پێوەدەنێت بۆ سەربەخۆیی لە بەرامبەریەکتر، ئەگەری ئەوەیان پێدەبەخشێت کە لە هەر ساتێکدا و لە هەر بارودۆخێکدا بەبێ هۆکار کۆتایی بە پەیوەندییەکە بهێنن، ئەمەش وا دەکات جوتبونی دەرەوەی هاوسەرگیری سەرهەڵبدات، هەمو پیرۆزییەکانی هاوسەرگیری لەدەست بدات (فرح، ٢٠١٩:١١).

(باومان) دەیەوێت تیشک بخاتە سەر ئامانجی خۆشەویستی، دۆزینەوەی پەیوەندی هاوبەش کە تیایدا هەردو هاوبەشەکە (پیاو و ژن) بە بەرژەوەندییە هاوبەشەکانیان بگەن، بۆ ئەوەی بونی کۆمەڵایەتی و ئابورییان بپارێزن و، ڕوبەڕوی قەیران و سنورەکان ببنەوە کە بەرەو دابڕان ڕۆشتوە،بۆیە پێیوایە دەبێت هەردو ژن و پیاو ئاگادار بن کە مانەوەیان پەیوەستە بەئەویترەوە و پێویستیان بە وابەستەیی یەکتر هەیە لە نێوانیاندا وپێویستە بە عەقڵیەتێکی درێژخایەن سەیری داهاتویان بکەن، بەڵام خۆشەویستی لە حاڵەتی شل دا بە عەقڵیەتێکی جیاوازەوە هاتوە، کە عەقڵیەتێکی کورتخایەنە.(باومان أ،٢٠١٦:٢١٥).

هەروەها پێیوایە بەهۆی ئاسانکاری لە جوڵە وگواستنەوە لە نێوان شوێنەکاندا وایکردوە کە ببێتە هۆکاری کوژاندنەوەی ئارەزو و پێویستی مانەوە و بەردەوامی نێوان هەردو هاوسەرەکە، پێکەوە ژیانکردن پەیوەندی بە سنوری فەزایی و کاتیەوە نییە وەک هاوسەرگیری، کە مانەوە و بەردەوامی درێژخایەن لەنێوان هەردو هاوسەرەکەدا دەسەپێنێت، هۆکارەکەشی ئەوەیە کە پێکەوە ژیانی لە بنەڕەتدا کاتی و ڕاگوزەرە، ئەمەش هەردو هاوسەرەکە ناچار دەکات تەنها لە سنورەکاندا ڕێکبکەون لە پراکتیزەکردنی سێکسی. تەنها خۆشەویستی شل سێکس لە پەیوەندییە سەختەکان ئازاد دەکات، چونکە ئامانجی پێکهێنانی پەیوەندییەکی کاتییە و مەبەست لێی بەدەستهێنانی چێژە لە نێوان هەردو هاوسەراندا(باومانأ،٢٠١٦:٨٥) .

دەتوانین بڵێین (باومان) وا باس لە خۆشەویستی دەکات کە بەهۆی دوری و سەفەرکردن لەنێوان شوێنەکان دوریەکەی دروستکردوە کە لەسەر ئەو دور یە ڕێک بکەون چونکە پێویستی و گۆڕانکارییەکان ئەوەندە زۆرن کە بەردەوام هەوڵی تێرکردن و بەدوادا گەڕانی زیاد کردوە، بۆ ئەمەش هەر دو هاوسەر لە دوری یەکتر دەژین، لەوانەیە مانگی جارێک یەکتر ببینن چونکە پابەندی مانەوەی درێژخایەن نابن.

(باومان) پێیوایە پەیوەندییە سۆزدارییەکان کە بەهۆی جیهانی گریمانەییەوە سەرهەڵدەدەن کۆنترۆڵی پەیوەندییە ڕاستەقینەکانیان کردوە و لە ئەوان زیاتر ڕاستگۆتر و بە متمانەتر دەردەکەون ئەم جۆرە پەیوەندییە دابڕانێکی کۆتایی لە نێوان ڕەهەندی فیزیکی و ڕەهەندی سۆزداریدا دەچەسپێنێت، چونکە پەیوەندییە ڕۆمانسییەکان لەسەر بنەمای نزیکایەتی گریمانەی نوێنەرایەتی چاودێرترین مۆدێل دەکەن لە کۆمەڵگا هاوچەرخەکاندا، چونکە پشت بە پاڵپشتی ئامرازەکانی پەیوەندی (مۆبایل و کۆمپیوتەر) دەبەستێت کە بە ئینتەرنێتەوە بەستراوەتەوە و هۆکاری سەرهەڵدانی چەندین پەیوەندی سۆزداری بون کە بە ناسکی تایبەتمەندبون و پاشان لەناوچون، هەر وەکو باومان دەڵێت" هەمو شتێک کە لە زبڵدا کۆن بوە دەتوانرێت بسڕێتەوە، لەوانەش سۆزداری و پەیوەندی ڕۆمانسی" (فرح، ١١: ٢٠١٩).

( باومان) پێی وایە بەهۆی هۆکارەکانی تەکنۆلۆژیا لەئێستادا کەسێک دەتوانێت چەندین پەیوەندی هەبێت و هەر کاتێکیش بێزاربو دەتوانێت بە یەک کلیک بیسڕێتەوە لەلای خۆی، یان لە ئێستادا و بەتایبەتیش ئەم

مۆدێل و کەسایەتییانەی ناو سۆشیاڵ میدیا بۆ ماوەیەک بانگەشەی پەیوەندییەکی خۆشەویستی دەکەن تەنانەت مارەکردن و ئاهەنگی هاوسەرگیری و سەفەرەکەشیان بڵاو دەکەنەوە، بەڵام پاش ماوەیەک باس لە جیابونەوەی پەیوەندییەکە یان دەکەن کە کاریگەری زۆر خراپی لەسەر کۆمەڵگە هەیە، کە بەرهەمی ئەو پۆست مۆدێرنە یە کە باومان ناوی لێناوە مۆدێرنەی شل.

**گفتوگۆی بیروڕای زاناکان:**

دەتوانین بڵێین بیروڕای زاناکان لە بارەی خۆشەویستی جیاوازییەکی بەرچاوی نییە، بەڵام هەریەکەیان بە ڕوانگەیەکی تایبەت بەهای خۆشەویستی شیدەکەنەوە،لەم بارەیەوە دورکایم پێیوایە کە خۆشەویستی لەناو خێزان وەکو ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە، بەڵام لەنێوان هاوسەران بەپێی جۆری پەیوەندییەکەیان دەگۆڕێت، لەبەرامبەردا جۆرج زمێل باس لە گۆڕانکاری هەستی خۆشەویستی دەکات لەنێوان هاوسەران بەجۆرێک لەکۆمەڵگای مۆدێرندا تەنیا ئەرکی منداڵ خستنەوە نییە وەک کۆمەڵگای تەقلیدی، بەڵکو خۆشەویستی ئەرکی دابینکردنی خۆشگوزەرانیە بۆ تاکەکان، پاشان لەپەیوەندی هاوسەرێتیدا ئامانجی سەربەخۆی هاوسەرەکان و بەسەربردنی کاتە وەک خودێتی خۆیان، لەلایەکی ترەوە گیدنز باس لەو گۆڕانکارییانە دەکات کە لە ئێستادا بەناوی ئازادی ڕادەربڕین تاکەکان لە دەرەوەی خێزان و هاوسەرگیری زیاتر بەدوای خۆشگوزەرانی خۆیان دەگەڕێن کەمتر پابەندی یاسا و سنورەکانی هاوسەرگیری دەبن. هەروەها بیک پێیوایە پەیوەندییەکان لەئێستادا لەخزمەت تاکگەرایدا کاردەکەن بەجۆرێک بەرژەوەندی کەسی لەپێش پەیوەندییەی هاوسەرییەوەیە، ئەمەش بەهۆی سەرقاڵی ڕۆژانەو پێداویستییەکانەوە خۆشەویستی لەدورەوە پەیڕەو دەکەن، هەروەها باومان باس لە خۆشەویستی شل دەکات کە بەهۆی مۆدێرنیتەو سەرهەڵدانی چەندین جۆر لە پەیوەندییە شلەکان کە بۆ بەرژەوەندی کەسی بەکار دێن، بوەتە هۆکاری ئەوەی تاکەکان چەندین پەیوەندی ببەستن و بەئاسانیش جیاببنەوە.

**٤-ئەنجامگیری:**

لە ئەنجامدا دەتوانین بڵێین بەپێی بیروڕای زانایان کە خستماننە ڕو هەمویان لەسەر ئەوە کۆکن کە گۆڕانکارییە بەردەوامەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی کاریگەری بەرچاوی لەسەر سروشتی ژیان و خێزان و پەیوەندییەکانی هاوسەران کردوە، بەجۆرێک تەنانەت لەدەربڕینی هەستەکانیشدا ڕەنگدانەوەی هەیە و سروشتی پەیوەندییەکان گۆڕاون هەستی گەرمی ونزیکایەتی وەکو جاران نەماوە، بەهۆکاری زۆربونی پێداویستییەکان وگۆڕانکاری وپێشکەوتنی تەکنۆلۆژیا، خۆشەویستی وهەستی ڕۆحی نێوان هاوسەرەکانیش بەهۆی سەرقاڵی ژیانی مۆدێرن کە ئەرک ورۆڵی نوێی بۆهاوسەرەکان زیادکردوە خۆشەویستیش کاڵ

بوەتەوە تەنانەت وەکو تەلاقی سۆزداری چەندین هاوسەر پێکەوە دەژین بەبێ بونی خۆشەویستی نێوانیان. بەناوی خۆشەویستیشەوە زۆر ڕەفتار دەکرێت وکاری کردوەتە سەر کۆی ئەندامانی کۆمەڵگە.

**٥-ڕاسپاردەکانی توێژینەوە:**

١-پێویستە هاوسەران پێش هاوسەرگیری لەلایەن لایەنی پەیوەندیدار خولیان بۆبکرێتەوە که ئێستە ئەو خولانەوە پەیڕەودەکرێت لەلایەن بەڕێوبەرایەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی کەسەربە وەزارەتی کاری هەرێمی کوردوستانە،سەبارەت خۆشەویستی بەهایەکی ئەرێنی گرنگە، کاریگەری زۆر لەسەرشێوازی ژیان دادەنێت، بەتایبەتیش لەناوخێزان. هەربۆیە خۆشەویستی پێویستی بەپارێزگاری وپەروەردەکردن و گەشەکردنە، بەتایبەتی

لەنێوان هاوسەران دا، چونکە تاکە ڕێگای بەدەست هێنانی بەختەوەری، خۆشەویستییە.

٢-پێویستە دەزگاکانی ڕاگەیاندن پەیڕەو پرۆگرامێکی تایبەتیان هەبێت سەبارەت بە هۆشیارکردنەوەی هاوسەران بەرامبەر بە بەرپرسیارێتییەکانیان لەژیانی هاوسەرێتیاندا،کە برەودان بە بەهای خۆشەویستی یەکێکە لەو بەرپرسیارێتیانە لەبەرئەوەی کاریگەری دەبێت لەسەر پەروەردەی منداڵەکانیان لەدوارۆژدا.

٣_ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ڕۆڵی کاریگەرییان هەبێت لە بەڕێوەبردنی ۆرک شۆپ و سیمینار بۆ ئەوکەسانە ی کە لە بەرنامەیاندایە هاوسەرگیری بکەن.

**٦- پێشنیازەکانی توێژینەوە:**

١_هەوڵبدرێت توێژینەوە لەبارەی بەهای خۆشەویستی بکرێت لەنێوان دایک وباوک و منداڵاندا.

٢_توێژینەوەیەکی چەندایەتی بکرێت لەبارەی بەهای پرۆسەی هاوسەرگیری لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا.

# The Value of Love in a sociological Point of View

**Didar Kamal Raouf[1] - Najat mhamad Faraj[2]**

[1+2] Department of Sociology, College of Humanities, Sulaimani University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq

## Abstract:

Love as an accepted value in the community is reflected in the importance of being together and conserving society and family, because of its importance, it is continually studied by researchers and sociologists, due to the sociologists focus on an important regard of society, which is the family, the family, like any of the important systems of society, has undergone changes due to changes in social life and the rise of technology and family, like each significant social system of society that has faced changes due to the development of social life and the emergence of technology, and the role and status of the family has been included in this changes, so family also faced change, and this has led sociologists to say that the changes that have affected family relations, especially the relationships between spouses, have gone towards materialism and fading, and love has not been far from it as a feeling, and therefore domestic violence in the family has currently increased and more common than ever before.

**Key words:** Value, Love, Family, Marital Relationship.

## سەرچاوەکان

حسێن، محمد تەها(٢٠١٩): سایکۆلۆژیای خۆشەویستی بەراورد کارییەک لەنێوان هەڵچون و عەقڵانییەتدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ناوەندی فێربون.

سالح، قاسم حسین (٢٠٠٢): مرۆڤ لەڕوانگەی فرۆیدەوە، و: عەبدولموتەلیب عەبدولا، سلێمانی،دەزگای چاپ وپەخشی سەردەم.

سیوەیلی، ڕێبوار(٢٠١٣)؛ لەپەیوەندییەوە بۆخۆشەویستی خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانەی پەیوەندی خۆشەویستی، چاپی چوارەم، هەولێر،چاپخانەی ڕۆژهەلات.

قادر، ئەڤین احمد (٢٠١٥): بنەماکانی هەڵبژاردنی هاوسەر لەکۆمەڵگای کوردیدا، ماستەرنامەی بڵاونەکراوە، زانکۆی صەلاحەدین، هەولێر، کۆلێژی ئەدەبیات.

گیدنز،ئەنتۆنی (٢٠٠٩): کۆمەڵناسی، و:حەسەن مستەفا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی ئاراس

محمد،فەرمان عەبدولا(٢٠٠٨): خۆشەویستی لەنێوان خۆپەرستی وخۆنەویستیدا، چاپی یەکەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری .

میرانی، ڕەشاد(٢٠٢١): مرۆڤناسی، هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەلات.

أبراهيم، ذكريا(بدون سنة): مشكلة الحب، مصر :دارالمصرية للطباعة

أبو أصبح، صالح و عصفور،محمد وأخرون (٢٠١٠) ثقافة الحب والكراهية،منشورات،عمان: جامعة فيلادلفيا.

ولريش بك وإليزابيث بك(2014 ): الحب عن بعد: أنماط حياتية في عصر العولمة، ت :حسام الدين بدر، بيروت :منشورات الجمل .

باومان أ،زيجمونت (٢٠١٦): الحب السائل، ت: حجاج ابو جبر، الطبعة الاولى، بيروت، الشبكة العربية للآبحاث.١١

باومان ب،زيجمونت (٢٠١٦): الحداثة السائلة، ت: حجاج ابو جبر،الطبعة الاولى، بيروت، الشبكة العربية للآبحاث.

جولمان، دانيال، (٢٠٠٠): الذكاء العاطفي، ت: ليلى الجبالى، الكويت، سلسلة عالم المعرفة٢٦٢.

حسن، احسان محمد (١٩٩٩): موسوعة علم الاجتماع، الطبعة الاولى، لبنان، الدار العربية للموسوعات

الحفنى، عبدالمنعم(٢٠٠٢): الموسوعة النفسية الجنسية، الطبعة الرابعة، القاهرة، المكتبة المدبولى.

الخولى،سناء الحسين(١٩٨٥): الزواج والعلاقات الأسرية، مصر، جامعة الاسكندرية، دمشق، دارالفكر.

دويدج، نورمان،(٢٠٠٩): الدماغ وكيف يطور بنيتة وأداه، ت : رفيف غدار، الطبعة الاولى، الكويت، الدارالعربية للعلوم.

سليم، شاكر مصطفى (١٩٨١): قاموس الانثروپولوجيا،الطبعة لاولى،جامعه الكويت.

سليمان،السيد على(٢٠٠٩): الحب بين الفلسفة والعلم الدراسات فى النفس والمجتمع، ارياض، المكتبة الصفحات الذهبية.

سوانى،سمير(٢٠١٥): سألونى عن الحب والرومانسية، الجزء الاول، القاهرة، مؤسسة بيتر.

الشايب،كايد(٢٠٠٢): سيكولوجيا الحب والحرمان، الطبعة الاول، عمان،دارفضاآت .

الشيخ محمد و ياسر الطائرى(١٩٩٦): مقاربات فى الحداثة ومابعد الحداثة، الطبعة الاولى، بيروت،الدار الطليعة .

طلال الهاشمى و غازى بن محمد(٢٠١٤): الحب فى القرأن الكريم، الطبعة الثامنة، عمان، المملكة الآردنية الهاشمية.

فرح، عبدالله (٢٠١٩): الحب الافتراضي، مقاربة سوسيولوجية، مركز نهوض الدراسات والنشر.

كحالة، عمر رضا(١٩٧٨): الحب، الطبعة الاولى، سوريا، مؤسسة الرسالة.

كمال، على(١٩٩٤): الجنس والنفس فى الحياة الانسانية، الجزء الاول، الطبعة الثالثة، الاردن، المؤسة العربية الدراسات والنشر.

اللبوانى، كمال،(٢٠٠٠): اقتصاديات السعادة، دمشق،دارالشموس للدراسات و النشر.

مبيض، مأمون(٢٠٠٣): التفاهم الحياة الزوجية،الطبعة الثانية،عمان، المكتبة الاسلامى.

محمد، همت بسيوني عبدالعزيز (٢٠٢٢): تغير مفهوم الحب في ظل الحداثة السائلة، مجلةالدراسات الانسانية والادبى، علم الاجتماع – كلية الآداب – جامعة كفر الشيخ، لعدد (٢٦)

الموسى، محمود(٢٠٠٦): الحب فى علاقات الزوجية، بيروت،مؤسسة البلاغ.

نجاتى، محمد عثمان(٢٠٠١): القرآن وعلم النفس، الطبعة السابعة، القاهرة، دارالشروق.

نضمي،فارس كمال (٢٠٠٧): الحب الرومانسى بين الفلسفة وعلم النفس،الطبعة الاولى،أربيل،دارئاراس .

Beck Ulrich and Elisabeth, Beck-Gernsheim (1995): The Normal Chaos of Love, Mark 32-Ritter and JaneWiebel , Polity press, in Association with Blac well Publishers Ltd

-Davics Mark, Ackar Michele (1992): Intimacy, Passion and Commitment in Adult Romantic Relationships: A Test of the Triangular Theory of Love , Journal of Social and Personal Relationships, London,Vol 9,pp21-50.

Giddenes, A. (1990):The Consequences of Modernity. Cambridge, Polity and Stanford, Calif, Stanford University Press, Cambridge, Polity.

Giddens, A.( 1992): Transformation of intimacy: love, sexuality and eroticism in modern society. California: Stanford

Gillis Val (2003): Family and Intimate Relationships: A Review of the Sociological Research, Published by South Bank University ©Families & Social Capital ESRC Research Group.

Hatfield, E & Rapson, R. L. (2008): Passionate love and sexual desire: Multidisciplinary perspectives, In J. P. Forgas (Ed.). Social Relationships: Cognitive, Affective and Motivational Processes. Psychology Press:New York.
https://www.researchgate.net/publication/305273842.

Jameison, L.( 1999): Intimacy transformed? A critical look at the ‘pure relationship, Sociology , Vol 33, N 3

Jamieson, Lynn (1990): Intimacy Transformed? A Critical Look at the'Pure Relation ship, Sociology,V ol 33, N3

Karandashev, Victor (2015): A Cultural Perspective on Romantic Love, OnlineLove, Readings in Psychology and Culture, 5(4). https://scholarworks.gvsu.edu/orpc/vol5/iss4/2/

Lee, Jhon A.( 1977) :A Typology of styles of lovineg - Personality and Social Psychology Bulletin, vol 3:pp173_182 http://journals.sagepub.com

Marzec,Magdalena, Lukasik Andrzej(2017): Love Styles in the Context of Life History Theory , Polish Psychological Bulletin,Vol 48,PP237-249.

Muninuzzaman, (2017): Compondence Transformation of intimacy and its impact in developing countries , Life Sciences, Society and Policy, Department of Sociology and Anthropology, Green University of Bangladesh, Begum Rokeya Sarani, Dhaka, Bangladesh

-Myers David G. (2010): Social Psychology , Published by McGraw hill connect learn succed , Americas.New york

Paul،Jhonson(2005):love,Heterosexuality and Society(Routledege Advancees in Sociology) Routledege: London and newyork. 13 Vol. 33

Rado,Marta k,Bari Dora and the Athers(2016): Distant love by Ulrich Beck and Elisabeth Beck-Gernsheim,Cambridege: Polity press)
Ritzer ,George (2007) :The Blackwell Encyclopedia of Sociology, First Published, Blackwell Publishing Ltd.
Rubin, Z (1970): Measurement of romantic love. Journal of Personality and Social Psychology, 16. pp 265-273, 48
Rusu , Mihai S (2018): Theorising love in sociological thought: Classical contributions to a sociology of love, journal of Classical Sociology, University of Sibiu, Romania, , Vol. 18pp